CDTFA

# ئەنجامدانی فرۆش لە کالیفۆرنیا

پێشەکییەک لەبارەی California Department of Tax and Fee Administration
(بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی باج و تێچووی کالیفۆڕنیا)



California Department of Tax and Fee Administration (CDTFA, بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی باج و تێچووی کالیفۆڕنیا) 37 بەرنامەی باج و تێچوون لە کالیفۆڕنیا بەڕێوە دەبات. ئامانجی ئێمە باشترکردنی ژیانە لە کالیفۆڕنیا لەڕێگەی کۆکردنەوەی دادپەروەرانە و کاریگەرانەی داهات کە پاڵپشتیی لە خزمەتە گشتیە بنەڕەتیەکانمان دەکات. ئێمە پێشوازی لە خۆت و پیشە نوێکەت دەکەین. ویلایەتەکەی ئێمە مێژوویەکی دەوڵەمەند و لێوڕێژ لە کارئافراندن و سەرمایەگوزاری سەرکەوتووی هەیە و ئێمەیش هیوای هەمان سەرکەوتنان بۆ دەخوازین. ئەم بڵاوکراوەیە وەک ڕێنماییەکی خێرا بۆ نیشاندانی هەندێک مەرجی یاسایی کار دەکات کە شاملی تۆ دەبێت ئەگەر لە کالیفۆرنیا شتێک بفرۆشیت. ڕێساکانی بیزنسی ویلایەتی و یاساکانی باج ئاڵۆزن و ئەمە ڕێنماییەکی گشتگیر و تەواو نیە. ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی تایبەت بە باجی ئێوە بدەینەوە. زۆربەی ستافەکەمان بە زمانی غەیری ئینگلیزی قسە دەکەن و ئێمە بە داواکاری پێشوەختە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی دڵنیا ببین کە کەسێکی هاوزمانی خۆت بەردەست بێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

## پەرمانی فرۆشیاری لە کالیفۆرنیا (California Seller's Permit)

پەرمانی فرۆشیاری کالیفۆرنیا ڕێگەت پێدەدات شتەکان لە ئاستی کۆفرۆشی یان تاکفرۆشی دا بفرۆشیت. دوای ئەوەی کە ناوت لەلای ئێمە تۆمار کرد، ئەوا دەتوانیت پەرمانی فرۆش وەربگریت. بەگشتی، بۆ ئەوەی بەشێوەی یاسایی کالا، ئوتومبێل، یان شتی دیکە لە کالیفۆرنیا بفرۆشیت یان بە کرێ بدەیت دەبێت پەرمانی فرۆش وەربگریت. ئەگەر ئەوپەڕی تا 90 ڕۆژ شت دەفرۆشیت، ئەوا دەبێت پەرمانی کاتیی فرۆش وەربگریت، چونکە زۆر جار بۆ فرۆشتنی داری کریسمەس یان پیشانگەی فرۆشی شتی دەسکرد ئەمە گونجاوە.



## پەرمانی فرۆشیار بەراورد لەگەڵ بڕوانامەی دووبارەفرۆشتنەوە/هەڕاج

پەرمانی فرۆشیار و بڕوانامەی دووبارەفرۆشتنەوە دوو شتی جیاوازان. ئیزنی فرۆشکار ڕێگەی فرۆشت لە کالیفۆرنیا پێ دەدات، لە حاڵەتێک کە بەڵگەی فرۆشی دووبارە ڕێگەت پێ دەدات ئەو شتانە بکڕیت کە دەیفرۆشیت بەبێ ئەوەی پارەی باج بدەیتە دابینکەرەکانت. دوای ئەوەی کە ئیزنی فرۆشیارت وەرگرت، دەتوانیت بەڵگەی دووبارەفرۆشتن بدەیتە دابینکەرانت بۆ کڕینی ئەو شتانەی کە لە حاڵەتی ئاسایی کارەکەت دا دەیفرۆشیت. ئیزنی فرۆشیار پەرمانی کڕین نیە. تۆ هێشتا دەبێت پارەی باجی هەموو ئەو شتانە بدەیت کە لە کارەکەی خۆتدا بە کاریان دەهێنێت، و نایانفرۆشیت، (وەک کەلوپەلی نووسینگە).

## داواکردنی ئیزنی فرۆشیار

داواکردنی ئیزنی فرۆشیار بەلاشە. دەتوانیت سەردانی بەشی خزمەتی ئۆنلاین لە ماڵپەڕەکەمان www.cdtfa.ca.gov بکەیت و داوای ئیزنی فرۆشیار بکەیت. بۆ تەواوکردنی داواکاریەکەت، پێویستە زانیاری دەرباری کارەکەت بدەیت، وەک وردەکاریی حسابی بانکی و داهاتی تەقریبی. ئەگەر بیزنسەکەت ـی ئەوان بدەیت. ئەگەر پێویستت CDTFA کڕیبێت، پێویستە ناوی خاوەنی پێشوو و ژمارەی ئیزنی فرۆشی بە ڕێنماییە، تکایە پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتی مشتەری ئێمەوە بکە بە ژمارەی 1-800-400-7115 (CRS:711) و نوێنەری CDTFA ئامادەیە یارمەتیت بدات. دوای ئەوەی کە داواکاریەکەت پڕ کردەوە و بەشێوەی ئەلکترۆنی ناردت، دەتوانیت ئیزنی فرۆشیاریی خۆت چاپ بکەیت بۆ ئەوەی لە شوێنی کاری خۆت بەشێوەی حوزووری داوای CDTFA نیشانی بدەیت. هەروەها دەتوانیت بە سەردانی نووسینگەی خۆجێیی ئیزنی فرۆشیار بکەیت. دەتوانیت ژمارە تەلەفۆنی نووسینگە و ناونیشانەکانی لەسەر مالپەڕەکەمان بدۆزیتەوە www.cdtfa.ca.gov/office-locations.

## داوای پاکانەی باج

بۆ پاراستنی خۆت لە دانی ناچاریی هەرچەشنە باجێکی فرۆش یان بەکارهێنان کە ئەو بیزنسە کە دەیکڕێت قەرزارە، پێویستە نامەیەکمان بۆ بنووسیت و داوای بەڵگەی پاکانەی باج بکەیت. داوا نووسراوەکەت پێویستە ئەمانەی تێدا بێت:

- ناو، ناونیشان، ژمارە تەلەفۆنی کڕیار.
- ناو، ناونیشان، و ژمارە تەلەفۆنی فرۆشیار.
- ناونیشانی بیزنسەکە.
- کۆپیەک لە پسوولەی گرێبەستی فرۆش یان کڕین لەگەڵ بڕی نرخی کڕینەکە.
- ناوی کۆمپانیای ئەمانی و ژمارەی ئەمانی ئەگەر هەبێت.
- ڕۆژی کڕینی بیزنسەکە.

## ئەرکەکانی ئەو کەسەی کە ئیزنی فرۆشیاری هەیە

کاتێک کە ئیزنی فرۆشیارت هەبێت، دەبێت:

- تێبگەیت چۆن یاسای باجی فرۆش و بەکارهێنان لەسەر چالاکیە بیزنسیەکانی تۆ جێبەجێ دەکرێت.
- تۆماری گونجاو هەڵبگریت کە نیشاندەری فرۆش و کڕینەکانت بێت (لە خوارەوە سەیری بەشی هەڵگرتنی تۆمار بکە).
- ناوبەناو گەڕانەوەی باجی فرۆش و بەکارهێنان لای ئێمە تۆمار بکە. دوای ئەوەی کە تۆماری ئۆنلاینی ئیزنی فرۆشی خۆت تەواو کرد، بەپێی فرۆشی مەزەندەکراو خشتەی تۆمارکردنی مانگانە، وەرزی یان ساڵانەت پێ دەدرێت.
- هەموو ئەو باجانەی فرۆش یان بەکارهێنان بدە کە دەبێ لەسەر کڕین و فرۆشتنەکانت بیدەیت.

## هەڵگرتنی تۆمار

پێویستە لانیکەم بۆ ماوەی چوار ساڵ تۆمار هەڵبگریت بۆ ئەوەی بڕی دروستی باج نیشان بدەیت. نموونەی ئەو تۆمارانەی کە دەبێ هەڵیانبگریت بریتین لە:

- دەفتەری حسابێک کە پوختەی داهات و تێچووەکانت نیشان بدات وەک تێنووس و ژۆرناڵی گشتیت. ئەم زانیاریانە دەکرێت بە شێوەی ئەلکترۆنی هەڵبگیردرێن.
- تۆمارە ئەسڵیەکان کە تێنووسراوەکانی دەفتەری حساب پشتڕاست دەکەنەوە وەک پسووڵە، ڕەسیت، ئینڤۆیس، سفارشی کار، گرێبەست و بەڵگەکانی تر.
- ئەو بەڵگە و کاربەرگانەی کە بۆ ئامادەکردنی گێڕانەوەی باج بە کار هێنراون.
- بەڵگەکانی فرۆشی دووبارە کە لە مشتەری وەرتگرتووە.

## تۆمارەکان دەبێت ئەمانە نیشان بدەن:

- ڕەسیتی ناپەتیی لە هەموو داهاتی بیزنس، لەوانە فرۆش و کرێی کاڵا و داهاتێک کە ڕەنگە پێت وابێت باجی لەسەر نیە.
- هەموو داشکاندنە داواکراوەکان لەسەر گێڕانەوەی باجی خۆت.
- کۆی نرخی کڕینی هەموو شتە کڕدراوەکان.

## مەرجەکانی دیکەی بیزنسەکەت

جگە لە ناوتۆمارکردن بۆ ئیزنی فرۆشیار، لەوانەیە پێویست بێت ناوت بۆ بەرنامەگەلێکی دیکەی باج و تێچوون تۆمار بکەیت کە ئێمە بەڕێوەی دەبەین (بۆ نموونە، تێچووی تەگەری کالیفۆرنیا (California Tire Fee)، تێچووی بەکارهێنانەوەی پاشماوەی ئەلکترۆنی (Electronic Waste Recycling Fee) یان بەرنامەی پەرمانی تووتن و جگەرە (Cigarette and Tobacco License Program)). هەروەها لەوانەیە پێویست بکات پەرمان، مۆڵەت و بەڵگەی دیکەیش بە دەست بخەیت بۆ ئەوەی بیزنسەکەت کار بکات. ماڵپەڕی www.calgold.ca.gov شوێنێکی زۆر باشە بۆ دەستکردن بە دۆزینەوەی زانیاریی گونجاو لەبارەی پەرمان بۆ بیزنسەکەت. ژوورەکانی بازرگانی، ڕێکخراوەکانی گەشەی ئابووری، و ڕێکخراوە بیزنسیەکان سەرچاوەیەکی باشی زانیارین. زۆر جاریش بەشی پەرمانپێدانی بیزنسی شار یان ناوچەیش دەتوانێت یارمەتیت بدات، یان دەتوانیت بۆ وەرگرتنی یارمەتی پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

## پارێزەری مافی باجدەرەکان

وەک باجدەرێکی کالیفۆرنیا، هەندێک مافت هەیە، وەک مافی نهێنپاراستن، مافی ڕەفتاری دادپەروەرانە، و مافی پێداچوونەوەی ئەو هەنگاوانەی کە ئێمە هەڵمانگرتووە. ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانیەکان لەڕێگەی کەناڵە ئاساییەکای CDTFA وە پێویست بە یارمەتیە، یان حەز دەکەیت لەبارەی مافەکانی خۆت بەپێی هەریەک لە بەرنامەکانی باج یان تێچوو کە ئێمە بەڕێوەی دەبەین زانیاری زیاترت هەبێت، دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت بە تەلەفۆنکردن بۆ نووسینگەی پارێزەری مافی باجدەرانهێڵی بەلاشی ژمارە 1-888-324-2798.

## بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر

ئەگەر پێویستت بە یارمەتیی وەرگێڕی زارەکی هەیە، ئەوا تکایە پەیوەندی بکە بە نووسینگەی خۆجێی CDTFAـی خۆت. ئەگەر خۆت پێت باشتر بێت، دەتوانیت وەرگێڕی زارەکی خۆت بهێنیت. ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی بە ڕوونی لەگەڵ تۆ پەیوەندی بکەین. ئەگەر هەر پێشنیارێکت لەسەر چۆنیەتی باشترکردنی خزمەتەکانمان هەیە، تکایە ئاگادارمان بکەوە.

ئەم بڵاڤۆکە بە کورتی باسی ئەو یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارانە دەکات کە لە کاتی نووسینی ئەم بڵاوکراوەیە کاریان پێ دەکرا. هەرچەند، لەوانەیە لەو کاتەوە ئەم یاسا و ڕێسایانە گۆڕابێتن. ئەگەر ناکۆکی لەنێوان دەقی ئەم نامیلکەیە و یاسادا هەبێت، ئەوا بڕیارەکان بەپێی یاسا دەردەکرێن نەک ئەم بڵاڤۆکە.

